# فەلسەفەی مەسیحییەت و ئیسلام

هیشام غەسیب

**ئەگەرچی ڕۆژهەڵات مەکۆی دینە گەردونییە گەورەکان بوو، لەپێشەوەیان مەسیحییەت و ئیسلام، ڕۆژئاواش (بەمانای گریکی کۆن و ئەورووپای نوێ) داهێنەری فەلسەفە بوو، ئەگەر دژیشی نەبووبێت. زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ململانێی نێوان فەلسەفە و دین ململانێیەکی هەژێو و توڕەبووە هەر لەدروستبوونی فەلسەفەوە لە دورگەی ئیونیای گریکی فینیقیەوە تا ئەمڕۆمان. فەلسەفە شۆڕشێکی بەرپاکرد لەبەرامبەر ئەفسانەدا. بەرپەرچدانەوەی کولتووری ڕۆژهەڵاتییەکان قبووڵکردنی هەندێک لە بنەماکانی فەلسەفە بوو لەپێناوی ئەوەی بتوانێت ئیحتوای بکات و پێدراوە بێچەن و چوونەکانی (بەڵگەنەویستەکانی) بخاتەژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەمەش بەدیهێنرا لای فەلسەفەی عارەبی و ئیسلامییەکانەوە. بەڵام فەلسەفە بەسروشتی خۆی یاخیی و دژە. لەبەرئەوە بێگومان دەوڵەتە دینییەکان دەبووایە هەوڵی پاکتاوکردنی فەلسەفەیان بدایە یان بیانگواستایەتەوە بۆ پراکتیزەکراوەکان و سرووتە سۆفیگەرێتییەکان. ئەوەش کرا. ئەوەبوو پاکتاوی فەلسەفەکرا لە جیهانی عارەبی سونیدا لەسەر دەستی غەزالی و قوتابیەکانیدا، لە جیهانی فارسیشدا فەلسەفە گۆڕدرا بۆ لاهوتی و شیعەگەرایی.**

و: جیهاد محەمەد

لەجیهانی ئەورووپای مەسیحیشدا هەوڵی پاکتاوکردنی فەلسەفەدرا، بەڵام گەشەی بەردەوامی بۆرژوازیەتی ئەورووپی پاڵنەربوو بۆ گەشە و توانای فەلسەفە و گەیشتنی بەجیهانیکردنێکی بەردەوام، کەبەدوایدا لێکترازانی فەلسەفە و زانست بەدینەوەهاتەئاراوە، بەڵکو پەراوێزخستنی دەوری ئەو کولتوورە لە کۆمەڵگەدا و ئیحتواکردنی و هاتنەپێشەوەی دەوری فەلسەفە لە جێگەیدا. نیشانە سەرەکییەکانی ئەم پرۆسێسە: (1) گواستنەوەی سەرچاوەی ڕاستەقینەیی مەعریفی بۆ خودی مرۆڤایەتی (دیکارت)؛ (2) گواستنەوەی سەرچاوەی بوون بۆ پسپۆڕییەڕاستەوخۆکانی مرۆڤەکان (ئەزموونگەراییەکان، لۆک،هیم)؛ (3) گواستنەوەی توانا بۆ ڕێکخستنی جیهانی هەستپێکراو بۆ عەقڵی مرۆڤەکان(کانت)؛ (4) گوستنەوەی سەرچاوەی چاکە و ئاکار لەدەقەکانەوە بۆ ویستی مرۆڤە عاقڵەکان (کانت، دووبارە)؛ (5) دانانی سروشت و مێژووو هاتنەڕووی عەقڵی ڕەهایە، وەدانانی فەلسەفە و دەوڵەتیش بەدوایی هاتنی مێژووەوە و بەدوا لووتکەشی دادەنرێت (هیگڵ)؛ (6) دانانی عەقڵی ڕەهای هیگڵ بەدەربڕینێک بۆ خودی مرۆڤ خۆی، واتە دانانی بەناوەڕۆکێکی نادیار لەتاکی مرۆڤدا (فویرباخ)؛ (7) دانانی کاری کۆمەڵایەتی ئامانجگر (عەقڵانی) بناغەی مەعریفە و مێژووو و پێشکەوتنی بەشەریەتە (مارکس).

بەمجۆرە، ئەورووپای نوێ سەرکەوتنی بەدەستهێنا لەبەدنیاییکردنی بیردا بەتەواوی، واتە پێکهێنانی سیستەمێکی بیری تەواو دنیایی بۆ ڕێکخستنی ژیان و ڕێنمایی مرۆڤەکان، واتە پێکهێنانی بڕوایەکی نوێ (بڕوای ڕۆشنگەریی) بەشێوازێکی نوێ کە چەقدەبەستێت لەسەر زانست و واقیعی ماتریالی و توانای مرۆڤەکاندا بۆ دروستکردنی خودی مرۆڤ خۆی و ژینگەکەی. بالاترین لووتکەی ئەم بڕوا نوێیە، وەک باسمانکرد، کارل مارکس بوو، کەتیایدا رۆحی مێژوویی نوێی گەشانەوە کە بزوێنەری مرۆڤی نوێ خۆیەتی و بزوێنەری مێژووی نوێ مرۆڤ خۆیەتی، واتە سەرچاوەی کۆی چاپوکی وچالاکی مرۆڤ خودی خۆیەتی کەبەبەردەوام نوێی دەکاتەوە.

گومانی تیانییە ئەم گەشە نوێیەی درا بە فەلسەفە سەرکەوتنێکی گەورەی بێ وێنەی لە مێژوودا پێکهێنا بۆ فەلسەفە، کە بڕوای ڕۆشنگەریی تەنیا ڕزگاری نەبوو بەتەواوی لەو کولتوورە و پەراوێزخستنی ئەو کولتوورە لە کۆمەڵگەی ئەورووپایدا، بەڵکو سەرکەوتنی لەوەشدا بەدەستهێنا کە ئەو کولتوورەی ڕووتکردەوە لە وەزیفە جەماوەرییە نەریتییەکەی کە خۆی لەحوکمکردن بە هوشیاری خەڵک و ڕەفتاری ڕۆژانەیان دەبینییەوە، بەجۆرێک ببوو بەبزوێنەری سەرەکی لەکۆی ڕەفتارەکانی خەڵکدا، بەلای کەمەوە لە ناوەندە سەرمایەدارە پێشکەوتوەکاندا. بەڵام بە جێگەیاندنی ئەم ئەرکەکاتی پێویستبوو، لە درێژخایەنی ئەو (کاتەدا) هەندێک لە تایبەتمەندییە بناغەییەکانی کولتووری وەرگرت و بەشێکی گەورەی لە ڕۆحە ڕەخنەییەکەی فەلسەفەی دۆڕاند، وەک ئەوەی ئەو کولتوورە ژیانی سەرکەوتنی تاڵکرد و خۆی سەپاند بەسەریدا لەوپەڕی ئاهەنگێڕانی سەرکەوتنیدا. ڕەوشی جەماوەر تێکشکا بەوەی کە ڕۆشنگەرێتی گۆڕدرا لە فەلسەفەوە بۆ جۆرێک لە کولتووری بەدنیاییکراو، بەڵام ئەم گۆڕانە کارێکی کرد کە دەبێت پێشبڕکێی ئەو کولتوورە باوە بکات لەناو ماڵی خۆی و لەسەر ئەو خاکەی کە چەندین سەدەبوو ڕاهاتبوو لەداگیرکردنی. ئەمەش ئەم پرسیارەدەوروژێنێت: ئایە فەلسەفە دەتوانێت ململانێی کولتووری نەریتی بکات لەماڵی خۆیدا و لەسەر خاکی نیشتیمانی خۆی، هەرچەندە ڕوپێوەکەی بسڕێتەوە؟ ئایە ئەلتەرناتیڤێک هەیە بۆ ئەمە؟ ئەم پرسیارانە دەکەین، بەڵام وەڵامەکەی هەڵدەگرین بۆ ئارتیکلەکانی دواترمان لەمیانەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لەو ئاراستەیەی کە بەدواچونم کردوە لەبڕوای ڕۆشنگەرێتیدا لە سەدەی بیستدا.

ئێمە لەو بیرۆکەیەوە تێهەڵدەچینەوە کە تەوەری نوێگەرایەتی و بزوێنەرەکەی ئەم عەقیدەی ڕۆشنگەرێتییە. لێرەوە سێ پرسیاری بناغەیی و زەروریمان هەیە بۆ تێگەیشتن لە نوێگەرایەتی و کێشەکانی: (1) چۆن عەقیدەی ڕۆشنگەریی دوای مارکس گەشەیکرد، ئەو ئاراستەو شێوازانەکامانەبوو گرتیەبەر ؟؛ (2) بەرپەرچدانەوەکانی بیری بۆرژوازی ڕۆژئاوایی کامەنە بوو دژ بەعەقیدەی ڕۆشنگەریی، چۆن بۆرژوازیەتی رۆژئاوایی مامەڵەی لەگەڵ ئەم عەقیدەیەدا کرد؟؛ (3) چۆن نەتەوەنا ڕۆژئاوایەکان، لە پێشیشیانەوە نەتەوەی عارەبی، مامەڵەی لەگەڵ ئەم عەقیدەیەدا کرد؟

ئەم پرسیارانە گەورەن و بە هەموویان پرۆژەیەکی بیری بەرزەخەون و مەزن پێکدەهێنن کە پێویستی بەتیپێکی تەواو لەبیرماندان و لێکۆڵەرەوان هەیە، بەڵام خۆلانادرێت لە جێبەجێکردنی،

> **گومانی تیانییە ئەم گەشە نوێیەی درا بە فەلسەفە سەرکەوتنێکی گەورەی بێ وێنەی لە مێژوودا پێکهێنا بۆ فەلسەفە، کە بڕوای ڕۆشنگەریی تەنیا ڕزگاری نەبوو بەتەواوی لەو کولتوورە و پەراوێزخستنی ئەو کولتوورە لە کۆمەڵگەی ئەورووپایدا، بەڵکو سەرکەوتنی لەوەشدا بەدەستهێنا کە ئەو کولتوورەی ڕووتکردەوە لە وەزیفە جەماوەرییە نەریتییەکەی**

ئەگەر بمانەوێت بەقوڵی بەرامبەر بەواقیعە مێژووییەکەمان بووەستینەوە، چوونەناو تواناکانییەوە، دەوربینینێک لە پاشەڕۆژی چاوەڕوانکراودا، دووارەدروستکردنەوەی نەتەوەی عارەبی لەسەر بنەمای نوێگەرایەتی.

زەحمەترین پرسیار پرسیاری بێ ئەملاولا پرسیاری دوەمە، چونکەڕاماندەکێشێت بۆ قوڵایی فەلسەفەی ئەورووپا لەنیوەی دوەمی سەدەی نۆزددا و تێکڕای سەدەی بیستدا؛ دەمانگەیەنێت بەماخ و دلتای و نیتشە و هوسرل و هیدغر و ڕاسل و فتغنشتاین و سارتر و فۆکو و دریدا و بۆبر و باشلار و کۆهن و فایرانبد، ئەمانە فەیلەسوفی گەورەبوون نقومبووبوون لەتەمومژی و تایبەتمەندێتی و زمانی هونەری تایبەتمەند. لەکاتێکدا کەئامانجمان ئەکادیمیانە نییە بەقەدەر ئەوەی ڕۆشنبیریی ئایدیلۆژییە، وەلەکاتێکدا پڕۆژەکەمان دەستێوردانە لە یانی ڕۆشنبیری عارەبی و هوشیاری باوی عارەبی، ئێمە سەکردن لەسەر ئەم پرسیارە زەحمەتە دوادەخەین تا دەرفەتمان هەبێت بۆ دوو پرسیارەکەی تر.

بەڵام پرسیاری یەکەم، ئەویش پرسیارێکی زەحمەتە ڕاماندەکێشێت بۆ قوڵایی فەلسەفەی مارکسی بەتایبەتی، فەلسەفەی ماتریالی بەگشتی، دیسان ڕاماندەکێشێت بۆ مێژووی نوێی بزوتنەوەی شیوعی و بەرجەستەبوونیادەکانی. لەگەڵ ئەوەی ئەم مێژووەمەسەلەیەکی ئەورووپیەلەناوەڕۆکدا، کاریگەریەکی جیهانی گەورەشی هەیە، بەتایبەتی لەڕوی بیریەوە. مارکسیەت لەبناغەدا فەلسەفەیەکی ئەورپیەوەک لوتکەی کەلەپوری فەلسەفەی ئەورووپایی دەرکەوت. لەگەڵ هاوبەشیکردنی گرنگی زۆرێک لەکۆمەڵگە نائەورپیەکان لەفەلسەفەی مارکسیدا وەک(سین و وڵاتانی عارەبی و ئامریکای لاتینی)، بەڵام ناوەرۆکی ئەم فەلسەفەیەو ناوەڕۆکی گەشەکردنی ئەورووپیانەیە. ئەمەش بەومانایەناەیەت کەئاماژەو و بایەخەشاراوەکانی ئەورپیبن. نا! مارکسیەت ئامژەو بایەخ و مانایەکی جیهانی هەیەبەهەموو مانایەک، لەگەڵ ئەوەی ڕیشەی لە ئەورووپادایە و زۆرێک لە تایبەتمەندێتی ڕۆشنبیری ئەو خاکەی هەڵگرتوە. ئەمە هەندێک لە کولتوورە نەریتییەکانمان بیر دەخاتەوە، کە زۆرێک لەتایبەتمەندێتی ڕۆشنبیری ئەو نەتەوەیەی هەڵگرتووە کە بەرهەمیهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاراستەیەکی گەردوونی و بەرزەخەون و ئاماژە و بایەخێکی شارەوەی جیهانی هەیە. مارکسیەت هاوبەشیەکی ڕۆشنبیری ئەورووپیانەیە بۆ چارەسەری کێشەکانی جیهان، وەک هاوبەشیکردنێکی ڕۆشنبیریی عارەبیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکان. هەروەک چۆن پێویستبوون تەنیا لەناو نەتەوە عارەبیەکاندا کورت نەبووەتەوە، بەڵکو هەموو نەتەوەکانی تری گرتووەتەوە، لەگەڵ دروستکردنە عارەبیەکەی و مۆرکە عەرەبیەکە و ڕۆشنبیرییە عارەبیەکەی، مارکسیەتیش پێویستییە گەردوونییەکان چارەسەر دەکات و کورتنەبووەتەوە لە نەتەوە ئەورپیەکاندا کە بەرهەمیانهێناوە. لەبەرئەوە، لە تێڕوانینمانەوە بۆ هاوردەکردنی زیانبەخش نییە و ئارگومێنتێک نییە بۆ دژایەتیکردن لە قبووڵکردنی و دامەزراندنی لەلایەن خۆمانەوە و بۆ خۆمان و بۆ کەڵک وەرگرتنمان لێی. زیان ناکەین لەهاوردەکردنی پێویستیەڕاستیەکانمان، بەڵکو زیان لە هاوردەکردنی شتێکدا دەکەین کەبەوەهم وابزانین پێویستمان پێیەتی، یان زیانی لێدەکەین، یان لەدەرەوەڕا دەسەپینرێت بەسەرماندا. پرسیاری کرۆکی لێرەدا ئەوەیە: ئایە بووژانەوەی نەتەوەی عارەبی و نا ڕۆژئاواییەکان دووبارە دامەزراندنەوەی لەسەر بنەمای نوێگەری و بەدەستهێنانی خەونە مێژوویەکانی داوا و سوربوونەلەسەر قبووڵکردنی مارکسیەت و پشت پێبەستنی وەک بنچینەیەک بۆ هوشیاری کۆمەڵ؟ ئەوە پرسیارێکی ناوەڕۆکییە. بەڵام هەڵوێست لە نەویستنێکی ڕەهاوە بۆ هاوردەکردنی بیر، ئەوە هەڵوێستیکی پووچ و پارادۆکسە لەگەڵ خۆیدا ناکۆکی دروست دەکات لەناخدا. بەڵام، لەگەڵ مۆرکە گەردوونییەکەی مارکسیەتدا، وەک فەلسەفەیەکی ڕۆژئاوایی دەمێنێتەوەو گەشەکردنیشی گەشەکردنێکی ڕۆژئاوایانەیە، سەرلێدەرچون و بزانی و گرنگیدان بەفەلسەفەی ڕۆژئاوایی و ڕۆشنبیری ئەورووپی نوێ بووە بەپێویستی.

لەبەر ئەمە هەمووی، ناکرێت دەستنەکەین بەپرسیاری سێیەم کەپەیوەندی بەبیری عارەبی وئەو کۆمەڵگەیانەوە هەیە کە ڕۆشنگەریی بەگشتی تیادا پەرەی نەسەندووە و تا هەنوکە کۆمەڵگەیەکی نەریتین و دوورن لە فەلسەفە هەروا بەچۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووری ڕۆشنگەریدا. ئەم پرسیارە زۆر